گەل رۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاری کوردستان دەری دەکات
ژمارە (١٣٩) یەکشەممە ٢٠٠٦/١/٨

## ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەکرێتەوە

بڕیاروایە رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە بە بۆنەی شەستەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە ساڵی ١٩٤٦ لەشاری مەهاباد پێشەوا قازی محەمەد رایگەیاندبوو، لەزۆربەی شارەکانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا ئاهەنگو سیمینار سازبکرێ. بەم بۆنەیەوە حزبی دیموکراتی کوردستان کە ناو جێژنەکانی ٢ی رێبەندانی لەسەرداناوە، خۆی بۆ ئاهەنگگێڕان لەوڵاتانی سویدو سویسراو نەمسە کەنەدا ئامادەکردووە. هەروەها هەندێك لەئەندامانی بنەماڵەی پێشەوا قازی محەمەد لەوانەش کاك عە قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد و کاك ئەمیری قازی زاوای پێشەوا بۆ ئەو سیمینارە بانگهێش کراون کە بڕیارە ٢٢ی ئەم مانگە لەپێتەختی باشووری کوردستاندا بەڕێوەبچێ.

بەرزو پیرۆزبێ ٢ی رێبەندان، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان

سلاوی ئەمەكو وەفاداری بۆ پێشەوای نەمرو هاوڕێ شەهیدەکانی دیکەی.

# لەماوەی هەفتەیەکدا (٧٠٠) عێراقی کوژراون و بریندار کراون

لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیعێراق کە لە ٢٠٠٥/١٢/١٥ بەڕێوەچوو، سەرکۆماری ئەمریکا دەستەڵاتدارانی عێراق باسیا لەباشبوونی رەوشی ئاسایشی عێرا کردو بەدەستەوکتێکی گەورەیا نرخاند، بەڵام لەدوای ئەو لێدوانانەو شەپۆلی تەقینەوەو تاوانکاری پەرەیا سەندو کردەوە خۆکوژیەکان زیا کران. بەپێی راپۆرتی پزیشک نەخۆشخانەکانەوە لەرۆژی یەکەمی ئا مانگە تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٧٠٠ کە بوونەتە قوربانیو زیانیان بەرکەوتوو تەقینەوەکانی رۆژی ٢٠٠٦/١/٥ شاری کەربەلاو رومادیو بەغد زۆرترین زیانیان بە خەڵك گەیان دەستەڵاتدارانی عێراق هەند لەبەرپرسانی سوننە لەو تەقینەواذ تۆمەتبار دەکەنو دەڵێن: ئەوان ب دانوستاندن دێنە لای ئێمە لەژێرەوەش هانی توندو تیژ دەدەنو کاری تاوانکار بەڕێوەدەبەن. لەلایەکی دیکەو ئیبراهیم جەعفەری زۆربوونی کردەوە تاوانکاریەکان بە سەرکەوتنی پرۆسە سیاسی لەقەڵەم دەداتو دەڵێ: ئا کردەوانە پەچەکرداری سەرکەوتنەکا بوارەکانی سیاسی عێراقییز بەمەبەستی رێگری ئەنجام دەدرێن.

## ئەنفلۆوەنزای باڵندە گەیشتۆتە کوردستان

راگەیاندنەکانی دەوڵەتی تورك بلاویان کردەوە لەسەرەتای ئەم مانگەدا لەشارۆچکەی هەرێمی (وان) ی باکوری کوردستاندا بەهۆی نەخۆشی ئەنفلۆوەنزای باڵندەوە چەندین منداڵ گیانیان لەدەست داوە . تەنیا لەیەك خێزاندا ٤ منداڵ بەناوەکانی (محەمەدعەلی کۆچیگت، فاتیمە کۆچیگت ، هۆلیاکۆچیگت ، عەلیحەسەن کۆچیگت) بوونەتە قوربانی و زیاتر لە ٢٩ کەسی دیکەی تووشبوو بەو نەخۆشیەش لە نەخۆشخانەکاندا راگیراون ولە ژێر چاودێری پزیشکدا دەرمان دەکرێن ، سێ لەو نەخۆشانە لەبارێکی دژواردان و مەترسی مردنیان لێدەکرێ . لەسەرەتای مردنی خەڵك بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە ، دەوڵەتی تورك ویستی لەرای گشتی بیشارێتەوە. سەرەتا (مەهدی ئاکر) وەزیری کشتوکاڵی تورکیا ناراستەوخۆی ئاماژەی بە دۆزینەوەی ئەم نەخۆشیە لە شوێنەکانی نزیك بەسنوری ئێران کردبوو، بەڵام دواتر کە نەخۆشیەکە بەربلاوتربۆوە ، وەزیری تەندروستی وڵاتی تورکیا رەجەب ئاکداغ ناچار بوو راستیەکان بە میدیاکان بڵێ و دانیشتووان لەو مەترسیە ئاگادار بکاتەوە. هەر بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ لەگوندەکانی رۆژهەڵاتی کورستان (هاوسنووردلەگەڵ هەرێمی وان) چەند کەسێك بەنەخۆشیەکی گوومناویەوە مردوون ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لەناو نەخۆشیەکە بواردووە . گومانی ئەوە دەکرێ ئەو چەند کەسەی لەرۆژانی رابردوو لەگوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەنەخۆشی نەزانراومردوون، دووچاری نەخۆشی ئەنفلۆوەنزا هاتبن،

## رۆژەڤ

دانوستاندنەکانی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نیشتیمانی عێراق لەرەوشێکی تەمومژاویدا تەکان دەدات. خەڵکی عێراق لەسەر پێکهێنانی حکومەت گرەو دەکەنو خۆشخەیاڵی خۆیان پیشان دەدەن. سوننەکان وێڕای ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان رەتدەکەنەوەو چاویان لە لێژنەی پشکنین بڕیوە، پێ لەسەر پێکنەهێنانی هەرێمی فیدڕاڵی لەباشوور و ناوەراستی عێراق دادەگرن، هەندێکیان داوای پۆستی سەرکۆماری دەکەنو خوازیارن حکومەت لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتووان پێکبێو ئاکامی هەڵبژاردنو کورسی لیستە براوەکان لەبەرچاو نەگیرێن. شیعەکان براوەی یەکەمی هاوکێشەکەنو پۆستی سەرۆك وەزیریان لەگیرفان دایەو لەجێگۆڕکێ بە کاندیدەکانیان سیناریۆو کایەی چاوشارکێ لەگەڵ کورد و سوننە بەڕێوەدەبەن. کورد خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماریو وەزارەتی دەرەوە شۆرکردۆتەوە ئەم کایەیە بەهاوکاری ئەمریکا کۆتا دەبێو حکومەتێکی خزمەتگوزار بەشیعە پێکدەهێنرێ. کوردو سوننەش رۆڵی پاشکۆبوونیان بەردەکەوێو رازیش دەبن. سەبارەت بە جێبەجێ نەکردنی ماددەی ٥٨ و ئاسایی نەکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك، هەر لەئێستاوە ئیبراهیم جەعفەری گۆمەکەی شلەقاندووەو لایەنی کوردی بە کەمتەرخەمو بێباك پێشانداوە. ئەگەر قسەکانی ناوبراو سەد لە سەدیش راست نەبن، رێژەیەك راستیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە. وەزیرە کوردەکان لەوەزارەتەکانیان دادەنیشنو کاری حزبەکانیان ئەنجام دەدەن. ئەرکی جەماوەری کوردستانە جارێکی دیکە ئەو رەوشە لەوەزیرەکان پەسەند نەکاتو راشکاوانە یەخەیان بگرێو پێیان بڵێت: (مادەم ئێوە بەنوێنەرایەتی کورد و لەسەر ئەو لیستەی کە بە دەنگی ئێمە گەیشتۆتە پەرلەمان، دەست نیشان کراونو ئەو پۆستەتان پێبڕاوە، ئەرکی سەرشانتانە بەدوای پەروەندەی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەدا بڕۆنو یەکلاییان بکەنەوە).

کۆبوونەوەکانی هەردوو لایەنە باڵادەستەکەی باشووری کوردستان بۆ یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم لەبازنەیەکی داخراوی پێچاوپێچدا دەخولێنەوەو وەلامێکی باوەڕهێن بە جەماوەر نابەخشن. ساڵێك زیاترە بە سۆزو بەڵێنی رەنگاورەنگی پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی باشووری کوردستان جەماوەر هەناسە دەدات. سۆزو بەڵێنەکانی رابردوو هیچیان لێ شین نەبوو، گەل نیگەرانە نەوەك بەڵێنەکانی هەنووکەش ناکام بمێننەوە، بۆیە بە گومانو نیگەرانی قوڵەوە لەداهاتووی خۆی دەڕوانێو یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەش زەنگی مەترسی پێکهێنانی دوو هەرێمی جیاواز لەباشووری کوردستان لێدەدات. هەندێ لەدەستەڵاتداران بە بیانۆی گرنگیو لەپێشەوەبوونی مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق خۆیان لەکێشەکە دەدزنەوەو داوا دەکەن تا دانوستاندنەکانی سەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتی نیشتیمانی لەبەغداد تەواو نەبن، ئاسان نابێ بەرەو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە هەنگاو هەڵبگرێتەوە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە کوردستانیان لەنێوان دڵەڕاوکێو تەنگەتاویدا رادەگرێ. چونکە دەمێکە کورد گوتوویەتی: تاماڵی هەبێ، مزگوت بەتاڵە. ئەم گوتەیە بۆ رەوشی ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواری وا لێکدەدرێتەوە کە یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردەواری لەهەرێمی باشووری کوردستاندا بۆ ئەوان لەحکومەتی نیشتیمانی بەغداد لەپێشترو پڕ بایەغترە نیگەرانی رووت لەدواخستنی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە سەرچاوەی لەوە گرتووە کە ئەو پەرلەمانەی ئێستای بەغداد بۆ ٤ ساڵەو حکومەتی بەغدادیش بۆ ٤ ساڵ دەبێو دەتوانێ لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا بە بیانۆی رێکنەکەوتنی کورد لەنێوان خۆیدا بڕیار لەسەر دوو هەرێمی بدات. گۆڕینی باشووری کوردستان بۆ دوو هەرێم، هاوێرکردنی کەرکوكو ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی لێ دەکەوێتەوەو دابڕانی کەرکوك دەکات بە دیفاکتۆ. ئێمە لەڕوانگەی هەست کردن بەبەرپرسیارێتی مێژوویی پێ لەسەر یەکگرتنەوەی هەر ئێستای هەردوو ئیدارەکەو پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی باشووری کوردستان دادەگرین. خۆ بواردن لەپەنای بیانۆی جۆراوجۆرەوە لەبەئەنجام نەگەیاندنی ئەم کارە لەکاتی ئێستادا بە خۆدزینەوەو سستی نواندن لەئەرکی مێژوویی دەناسینو لەدژیدا رادەوەستین.

## دکتۆر کەمال گیانی لەمەترسی دایەو

## را پۆرتڤانی بێسنووریش نامەیەك بۆ سەرۆکی هەرێم رەوانە دەکات

دوای ئەوەی دادگەیەکی شار هەولێر سزای ٣٠ زیندانی بۆ دکتۆر کەم سەید قادر، لەپێوەندی بلاوکردنەوەی بابەت لەماڵپەرەکانی کوردیش میدیـ کوردستانپۆستدا کە ناوزڕاندنو درۆکار لەقەڵەم دراوە، بڕیوە. میدیاکانی وڵاتا ئەورووپا بایەخیان بەکێشەی دکتۆر کەم داو بەسەرسوڕمانیەوە هەواڵی ٣٠ سـ زیندانیان خستە بەرباسو لێکۆڵینەو هەروەها هەراو هۆریایێکی ز لەناوەندەکانی مافی مرۆڤو رۆژنامەگەری پەیدا بوو. کۆمەڵێك نووسەرو رووناکبیر کوردستانی لەهەندەران کەمپینیان بـ ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەید قا دەستپێکردو تا ئێستا بەسەدان کە بەشداری تێدا کردووە. هەروە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش دژی ئـ سزایە راوەستانو داوایان کرد کە چاوب



بڕیارە بخشێندرێتەوە. لەم پێوەندییە رێکخراوی راپۆرتڤانانی بێسنوور، رۆژ ٢٠٠٦/١/٥ نامەیەکی بۆ سەرۆکی هەرێ کوردستان بەرێز کاك مەسعود بارزا رەوانە کردووە (دانەیەکی بۆ هەفتەنامە رۆژی گەل رەوانە کراوە)، داوایکردو بەرێزیان دەستکاری لەکێشەی دکت کەمال کە وڵاتیەکی نەمساوی بەرەچەڵ کوردە، بکات، چونکە رۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٩ لەلایەن دادگەیەکی شاری هەولێرە سزای ٣٠ ساڵ زیندانی بەسەر سەپێنراوە.

(Reporters Without Borders) رێکخراوی راپۆرتڤانانی بێسنوور

ئەو سزایە بە مەترسی لەسەر ئازاد چاپەمەنیو بلاوکردنەوەدا دادەنێ. سزا زیندانی لەرانبەر بلاوکردنەوەی نووس لەبلاوکراوەو پێگەکانی ئینتەرنێتدا رە دەکاتەوەو داوا لەبەرێز سەرۆکی هەر دەکات کە کەشوهەوایەکی دادپەروەرانە گونجاو لەگەڵ ستانداردی نێونەتەوە لەهەرێمی کوردستاندا بەرقەرار بکات.

ئەوەی شیاوی باسە خزمەکانی دکتۆر کەمال، دەڵێن: لەوەتەی سزای زیندانی ٣٠ ساڵی بۆ براوەتەوە، ناوبراو مانی لەخواردن گرتووەو رۆژ دوای رۆژیش تەندروستی بەرەو خراپی دەڕوات، ئەگەر مانگرتنەکەی کۆتا نەکات لەماوەیەکی کورتدا گیان لەدەست دەداتو لەزیندان دەمرێ. شایانی گوتنە کە رۆژی ٢٠٠٦/١/٢ نووسینگەی وەزیری داد (ئیدارەی هەولێر) لەروونکردنەوەیەکدا دەڵێ: لەبارەی کێشەی دکتۆر کەمال سەید قادر هێشتا کێشەکە یەکلانەکراوەتەوە لەلایەن دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری کۆتایی پێ دەرنەچووە.

## عەبدەلحەلیم خەدام: حکومەتی بەشار ئەلئەسەد کۆتایی پێهاتووە



عەبدولحەلیم خەدام، جێگری پێشوو سەرۆکۆماری سوریا لەو باوەڕەدایە ک سەردەمی حکومەتی بەشار ئەلئەسـ کۆتایی پێهاتووەو تەمەنێکی درێژ نابێت.

بە گوێرەی هەواڵی ئاژانس دەنگوباسی (ئەسیۆشیێتد پرێس عەبدولحەلیم خەدام گوتویەتی: ئەوەی ک من نیگەران دەکات، بارودۆخی ئازاد خەڵکی سوریاو توانایی بڕیاردانیان لەچارەنووسی خۆیان.

خەدام لەو باوەڕەدایە کە هەڵەکا خودی بەشار ئەلئەسەدی سەرکۆ لەگۆڕەپانی هەرێمیو نێودەوڵەتیـ حکومەتی سوریا بەشێوازێکی ئەوتۆ لاوا کەمتوانا کردووە کە ئیدی توانا چاکسازیو هەڵسانەوەی لەنێوخۆ سوریاشدا نەماوە. حکومەتی سو هەڵەی زۆر گەورەی بەرانبەر بە خود سوریاو لوبنانی دراوسێ کردووە، دەبـ ئەویش باجی هەڵەکانی خۆی بدات. ب

هۆی ئەو هەڵانەوە تەمەنی ئەو رژێم بەرەو کۆتایی رۆیشتووەو بەبنبەس گەیشتووە. خەدام ئەو تۆمەتانەی رژێم سوریای رەتکردەوە کە ئەو لەلایە وڵاتێکی عەرەبی یان ئەمریکاوە هاندرا تا لەدیداری تەلەفزیۆنەکان ئەو قسانە بە رژێمی سوریا بکات. بەڵام لەڕوانگە دەرخستنی راستیەکانو خزمەتکردن ب وڵات، ئەو هەنگاوەم هەڵگرتۆتەو لەبەراییدا دەمزانی کە رژێمی سور هەڵمەتی پروپاگەندە دژ بەمنو بنەماڵەکا دەست پێدەکات.

عەبدولحەلیم خەدام جێگری پێشوو بەشار ئەلئەسەد دەڵێ: کاتی ئەوە هاتو کە بەشار ئەلئەسەد یان بچێتەوە ماڵەکە خۆی یان لەزینداندا توون بکرێ. گرنگتر مەسەلەش رزگارکردنی گەلی سوریا لەدەست ئەو رژێمەو ئەو کەسەی کە ا پشت تیرۆرو کوشتنەکانی لوبنان جێگە گرتووە.

